# LIDA Stories

lidastories.net

## پیاوێکی پیر وەک مێرد / An old man as a husband

Aranya
Sunniva Høiby-Øiset
Dler Piran (ckb)

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0

پیاوێکی پیر وەک مێرد

## An old man as a husband

Aranya
Sunniva Høiby-Øiset
Dler Piran

5

کوردی ckb / English en

وامزانی پیاوی نەرویجی باشترین پیاون لە جیهاندا، بەڵام ئەوە ڕاست نییە! پێش ئەوەی ئەو پیاوە ببینم کە بووە مێردم، من لە کارگەیەک کارم دەکرد لەبانکۆک، ئەویش لەپاتایا دەژیا. ئێمە لەڕێگەی ئینتەرنێت یەکترمان ناسی و لەکۆتاییدا بووین بە خۆشەویستی یەکتر.

...

I thought Norwegian men were the best men in the world, but that is not true! Before I met the man who became my husband, I worked in a factory in Bangkok, and he lived in Pattaya. We met through the Internet and eventually became a couple.

دوای ماوەیەک بڕیارماندا هاوسەرگیری بکەین. من لە خێزانێکی هەژار بووم، بۆیە بوونی هاوسەرێکی بیانی کە بتوانێت ئاگای لە خێزانەکەم بێت بەشێک بوو لە هۆکارەکەم بۆ شووکردن بەو.

. . .

After a while we decided to get married. I came from a poor family, so having a foreign husband who could take care of my family was part of my reason for marrying him.

ئێمە گواستمانەوە بۆ نەرویج و من دەستمکرد بە چوون بۆ قوتابخانە بۆ فێربوونی نەرویجی. کاتێکی سەخت بوو. من مۆڵەتی لێخوڕینم نەبوو، وە دەبووایە هاوسەرەکەم بمگەیەنێتە قوتابخانە، لەوێ چاوەڕێم بکا، و بمباتەوە. لە هەر سەرێک ڕێگاکە یەک کاتژمێر بوو. پاش ماوەیەک ماڵمان نزیکتر بوویەوە، بەڵام هێشتا ئەو سوور بوو کە بمگەیەنێتە قوتابخانە. نەیدەویست بە تەنیا بڕۆم.

• • •

We moved to Norway, and I started going to school to learn Norwegian. It was a difficult time. I did not have a driver’s licence, and my husband had to drive me to school, wait for me, and drive back. It was an hour each way. After a while we moved closer, but he still insisted on driving me to school. He did not want me to walk alone.

ئەوەم نەویست کە داهاتوو دەیهێنێ. بەرنامەم ئەوە بوو بچمە
قوتابخانەیەکی تر بەڵام مێردەکەم نەیدەویست ئەوە بکەم. ئەو
پلانی دادەنا کە دوورتر بکەوینەوە تا بۆ من زەحمەتتری بکات.
دەمەوێ بەرهەڵستی بکەم بەڵام نازانم چۆن. ئەوەندە ئاسان نیە کە
لە وڵاتێکی بێگانە بژی و بە هەبوونی پیرەپیاوێک وەکو مێرد وەک
ئەوەی من بیرم لێکردبۆوە.

. . .

I do not know what the future will bring. My plan is to go to another school, but my husband does not want me to do that. He is planning to move further away to make it difficult for me. I want to resist, but I do not know how. It is not as easy to live in a foreign country with an old man as a husband as I thought it would be.



لەوەتەی هاتبووم بۆ نەرویج بەدەستەم هیچ پارەیەکم پێ بوو. جارێک
پیاوەکەم پارەی پێدام بۆ خواردنی نیوەڕۆ، بەڵام چونکە پارەم زۆر
کەم هەبوو، ئەوەم هەڵگرت. هاوڕێکانم لە قوتابخانە دەمانەوێ
یارمەتیم بدەن کارێک بدۆزمەوە، بەڵام مێردەکەم دەڵێ ناتوانم
کاربکەم. پێی وانیە کە کارکردن وەکو پاککەرەوە لەبار بێت بۆ من.

. . .

I have hardly had any money since I came to Norway. Once, my husband gave me money for lunch, but since I had so little money, I kept it. My friends at school want to help me to get a job, but my husband says I cannot. He does not think working as a cleaner is appropriate for me.

لەبری ئەوە مێردەکەم کارێکی تری بۆ من هەبوو – دروستکردنی گەراجێک. ئەو سەرۆک بوو و من هەموو کارێکم دەکرد. ئەو نەیدەتوانی شتی زۆر بکات چونکە نەخۆش بوو. ئەو هیچ پارەیەکی بە من نەدا لەوەی کە وەریگرت بۆ دروستکردنی گەراجەکە.

. . .

Instead he had another job for me – building a garage. He was the boss and I did everything. He could not do much because he was ill. He did not give me any of the money he made from building the garage.



ڕۆژێک گوتی کە ئەو بێزار دەبێ کاتێک بە تەنیا لە ماڵەوە دەبێ، بۆیە بڕیاریدا کە دەبێ سەگێکمان هەبێ. من سەگم نەدەویست لەبەرئەوەی لە دوای قوتابخانە ماندوو دەبووم و ئەرکی ماڵەوەم دەبوو. گوتی کە ئەو هەموو ڕۆژێک پیاسە بە سەگەکە دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا دەبووایە من ئاگام لە سەگەکە و مێردەکەشم بێت.

. . .

One day he said he was bored when he was home alone, so he decided we should get a dog. I did not want a dog as I was tired after school and I had homework to do. He said he would walk the dog every day, but in the end I had to take care of both the dog and my old husband.